# ئێره و ئه وێ

هه موو شه وێ،
له سه ر گازی پشت ڕاده کشێم،
بۆ بێده نگی گوێ هه ڵده خه م:
(( ئارام بگره!
به یانی زوو
گزنگی هه تاو ده تگاتێ،
هه سپێکی شێت بۆ زین ده کا و
تێشووی سه فه رت ده داتێ. ))
ئێتر هه تا خۆر ده که وێ،
له شم لێره کۆته ره یه و
ته ڕاتێنی گیانه له وێ.

کاتێ خۆریش
هێلکه ی ئاسۆ ده تروکێنێ و
ده ست ده نێته هه وکی چرام
یه که م تیرێژ ڕاده سپێرێ،
وه کو په یکێك بگاته لام:
(( بۆ کوێ ده چیت ،
ئه ی ئازاره باڵ سوکه که؟!
ئه ی نازانیت،
میرغه زه بی سنووره کان
ڕێگایان خڕ ته نیوه و
نیشتمانت جه نگه ڵی ڕم و کێردانه؟
په له مه که!
چاوه ڕوانی تاریکی به،
تاریکی - قه ڵای مێردانه! ))

*    *    *

هه ژده ساڵه
(هه ژده به هار،
هه ژده ها وین،
هه ژده پایز،
هه ژده زستان،
هه ژده عومری بێ کوردستان)
شه و ده مداته ده ست گزنگ و
گزنگ ده ڵێ :
((په له ی چیته!
ئارام بگره هه تا شه وێ...))
هه ژده ساڵه
خۆشم سه رم لێ شێواوه -
نازانم...لێره م یا له وێ!

ستاره مینسكایا - ١٩٩١/٧/١٦